

# سەعاتەکەی دایکم

**جەبار سابیر**
**(سلێمانی)**

سەربازەکان هاتن، نا.. دوو سەرباز هاتن! سەربازەکان گۆیا دووان بوون.. دووان بەسبوون تا مردن پیشانی ئەو خەڵکە بدەن. لە سەربانەوە سەیرمان دەکرد، لە دوورەوە وەک دوو خاڵی ڕەش دەهاتن و هێدی هێدی گەورە دەبوون. وەک مەلۆتکەیەک کە بە هێمنی دەست و قاچەکانی لێک جیادەبنەوە، ئەوانیش کەم کەم بەژن و باڵا و دواتر تفەنگەکەی شانیان دەردەکەوت. تەنها کلاشینکۆفێکیان پێ بوو، ڕەنگە فیشەکیشی تێدا نەبووبێ، دیاربوو یەکەم جار نەبوو، بەڵام من یەکەم جار بوو دەمبینین. جارێکی تریش هاتبوون، ئەو جارەم بە حاڵ لەبیرە، دووانی ماندوو، باریکەڵە و ڕەشتاڵە و مۆن و بێدەنگ. یەکی گوێنییەکیان پێ بوو و هاتن داوای نان و میوەیان کرد. هەنجیر و شتی تر، باش بیرم نییە چی بوو. هەواڵی نانەوا و سەموونخانەیان پرسی، وایان دەزانی هاتوونەتە شارێکی گەورەوە.

ڕەنگە پێیان وتبێ حکوومەت ئەم وڵاتەی بۆ کورد کردۆتە بەهەشت و تەنانەت لە گوندە بچووک و چەپەکەکانیش نانەوا و سەموونخانەی لێیە. ئێمەی منداڵ دوایان دەکەوتین و هەستمان بە ترس نەدەکرد و نەماندەزانی دواجار ئەمانە دێن و گوندەکەمان کاول دەکەن. دەمەو نیوەڕۆ بوو، بەڵام ئەم جارە ڕوونتر دەمبینین. دوو سەربازی ماندوو و بێ تاقەت، ئەو دووەی پێشوو نەبوون. پێ دەچوو لە گوندێکی دیکەوە هاتبن و هەمان کاریان کردبێ، چونکە هەر بە دیتنیان خەڵکی ئاوایی هێز لە ئەژنۆیاندا نەما و ئامادەبوون ماڵ چۆڵ بکەن و بچنە گۆڕەپانی بەرانبەر ئاواییەکە. ئەمە پرۆسەیەکی مانگانەی دوای هەرەس بوو، حکوومەت بۆ پیشاندانی هێزی خۆی ئەم کارەی دەکرد و بە خەڵکی دەوت من هەم. من هەم و لە جارانیش بەهێزترم و ئێوەیش ئیتر ئەو باوکەتان مرد و ئاگر لەسەر پشتتان دەکەینەوە. دار خورما لە سەربانی ماڵەکانتان دەڕوێنین و دار بەو کەژ و کێوانەوە ناهێڵم. خۆمان کۆکردەوە، دەرگا لەسەر پشت و ماڵ

شپرزە. هەر هەموو خەڵکەکە ملی ڕێگەیان گرت بەرەو گۆڕەپانەکە. لەوێ وەک ئۆردوگای کاری زۆرەملێ بەسەر یەکدا هەڵڕژاین و چاوی هەر هەموومان ڕووەو ئاواییەکە بوو تابزانین سەربازەکان کەی تەواو دەبن. دەبوو کونوکەلەبەری ماڵەکانیان بپشکنیبا و ئەگەر خوانەکردە تفەنگێکی گەرمیان دۆزیبایەوە، داریان بەسەر بەردەوە نەدەهێشتین.

گەرما حەشری پێ دەکردین، هەموو تینوو بووین، ئێمە، منداڵەکان برسیشمان بوو، هەبوو داوای شیری دەکرد، دایک شیرەکەی لە ماڵەوە بیرچووبوو. زۆرێک خەمی ئەو مریشک و قەلانەیان بوو کە لە ماڵەوە هەیانبوو و دەترسان دوو سەربازەکە بیبەن. دواتریش دەرکەوت، دوو گونییەیان پڕکردبوو لە مریشک و قەل و لە دوورەوە گوێمان لە قیڕە و گارەگاری مریشک و قەل بوو کە شوێنیان دەکەوتن. پیاوەکان خەمی ئاودێری کشتوکاڵەکەیان بوو، ئێمەیش خەمی یارییەکەمان، ئاخر کە ئەوان هاتن لە گەرمەی چاوشارکێدا بووین. پیاوەکانیان جیاکردبۆوە و دوور لە ئێمە و ژنەکانیان بە پێوە وەستاندبوو. لە سیمایاندا ئەوەت دەبینی کە بە زۆر جڵەویان دەکەن، دەنا دەبێ هەڵکوتنە سەریان و پارچە پارچەیان بکەن، وەلێ ترسی ئەوەیان هەبوو دواتر حکوومەت بە هێزی زۆرەوە بێت و خۆشیان و گوندەکەیش بسووتێنێ، چونکە لە زۆر شوێن ئەوەیان کردبوو و باکیان نەبوو، بەڵام ئەوانی عەرەب هێشتا لە سەرەتای قورئاندا بوون و نەگەیشتبوونە سوورەتی ئەنفال، تا گوندەکەمان بپێچنەوە و تاڵانی بکەن، بۆیە هیچیان نەدەبرد، جگە لەو مریشک و قەلانە کە دیارە بۆ خواردنی ئەو چەند ڕۆژەیان بووە. بە بەرچاوی ئێمەوە خۆیان دەکرد بە ماڵەکاندا و کونوکەلەبەریان دەپشکنی، تەنانەت نووکی قەمەی تفەنگەکانیان ڕۆدەبردە کەندووی ئاردەوە تا بۆیان دەرکەوێ تەنها ئاردی تێدایە نەک تفەنگ و شتی تر. سروە گریان و هاواری منداڵی تا دوورەدەستەکان دەبرد و خوداش لەو سەرەوە سەیری دەکرد! بەڕاست تۆ بڵێی خودا لەو کاتەدا لە سەرەوە بووبێ؟! چۆن دەبێ ئەو لەو سەرەوە بووبێ و کەچی ئەو بەندانەی لەم خوارەوە ڕۆژی حەشریان دامەزراندبێ و باکیان بەویش نەبێ!!

گوندەکەی ئێمە بچووک بوو، بە پێنج خولەک سەر و خواریت دەکرد و کاری پشکنین و کنەوکۆڵینی ئەوانیش هێندەی نەبرد، کاتژمێرێک، یان کەمتر، بەڵام لە چاوی ئێمەی منداڵدا سەدەیەکی پێ چوو. پاش کاتژمێرێک کە دوو سەربازەکە ڕۆیشتن، ئێمەیش هاتینەوە سەرخۆ و ئیتر تارادەیەک ترسەکە ڕەویبۆوە و دەبوو بچینەوە سەر ژیانی ئاساییمان. لە گۆڕەپانەکەوە داگەڕاین و پاش پەڕینەوە لە چەمەکە بەرەو ئاوایی سەرکەوتینەوە، چووینەوە سەر ماڵی تێکچڕژاو و هەڵڕژاو، هەموو شتێک وەک خۆی بوو، بەڵام هەڵڕژاو، وەک شوێنەواری پاش زریان و لافاو، یان هەر کارەساتێکی تری سروشتی. بە هەفتەیەک کۆنەدەبۆوە و نەدەچووەوە شوێنی خۆی، بەڵام دایکم خەمی هیچی نەبوو و دەیزانی شتێکی وامان نییە تا شایەنی دزین و بردن بێ، لە پڕ بیری کەوتەوە، ئەوەم لە دەموچاویدا بینی، هەستم کرد کتوپڕ شتێکی بیرکەوتۆتەوە. دایکم یەکسەر تاکی بۆقی کردەوە و هاواری کرد: سەعاتەکەم نەماوە، دزیویانە، ئەو عەرەبە پێپەتییانە دزیویانە! ئیتر هەرچی جنێوی دەیزانی حەواڵەی ئەو سەربازانەی کرد. دایکم ڕاستی دەکرد، سەعاتەکەیان بردبوو، بەڵام خۆ دایکم لە سەعاتی نەدەزانی، ئەو هەستی بە تێپەڕینی کات نەدەکرد. ئەو تەنها سەیری گوڵەکانی حەوشەی دەکرد و بە ڕەنگ و سیمای ئەواندا کاتی دەخوێندەوە. ئەو خەفەتی بۆ ئەوە دەخوارد سەعاتەکە دیاری دایەگەورەم بوو، ئەو بۆی هێنابوو، لە یەکێک لە سەفەرەکانی شاردا بە تایبەتی بۆی هەڵبژاردبوو. تەنها کاتێک سەیری دەکرد کە بیری دایکی دەکرد، قەت نەمبینی لە دەستی بکات. دایەگەورەیش لە سەعاتی نەدەزانی، بەڵام هەموو جارێ پێی خۆش بوو دیارییەکی بۆ بهێنێ و دوایین جار ئەو سەعاتەی هێنا و ئیتر نەمانبینییەوە.

بیرمە ئەو جارەی کە هات و سەعاتەکەی هێنابوو، هەر هێندە هەواڵەکە بڵاوبۆوە. ئیتر ژنانی گەڕەک دەهاتن و پیرۆزباییان لە دایکم دەکرد و خۆزگەیان دەخواست ئەوانیش سەعاتێکیان هەبێ، زۆرینەیان دایکیان لە هەمان گوند دەژیا و هێندە دوورنەبوو تا هەموو جارێ لەگەڵ هاتنیدا دیارییان بۆ بهێنێ. دایکم بۆ خۆنواندن سەعاتاکەی لە دەست کردبوو و پێوەی چووبووە سەر کانی، تا هەموو ژنانی هاوڕێی ببینن، ئەوانیش تێر سەیریان کردبوو و ئاخیان هەڵکێشابوو، بەڵام خۆ

هیچیان لە سەعاتیان نەدەزانی! دایکم نەیدەزانی سەعاتەکەی لە کوێ هەڵگرێ و بیشارێتەوە، چونکەماڵەکەمان هێندە پەنا و پەسێوی نەبوو تا شتێکی لێ بشارییەوە. هەمیشە دڵەڕاوکەی بوو و ترسی هەبوو لێی ون بێ. ئەو سەعاتە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی ئەو و دایکی بوو. هەموو ئێوارەیەک یەکەم شت کە دەیکرد؛ ئەوەبوو سەیری سەعاتەکەی دەکرد و شەوانیش بەر لە نووستن دیسانەوە دەری دەهێنا و دەیکردە دەستی و کەمێک سەیری دەکرد و دەیکردەوە شوێنی خۆی. ئەم پرۆسەیە بەیانیانیش دووبارە دەبۆوە و لەگەڵ خۆیشی نەیدەبردە دەرێ. ئەترسا پێی بڵێین کاتژمێر چەندە و نەزانێ وەڵام بداتەوە.

ئەو دواجارەم بیردێ کە دایەگەورە هات، بە حاڵ شێوەیم لە بیرە، ڕێک لە دایکم ئەچوو، کەمێک تووڕە و بێ حەوسەڵە، پیری کاری تێکردبوو. بەو منداڵییەوە هەستم دەکرد ڕەنگە دوایین جار بێت بیبینمەوە. ئەوسا پێنج ساڵ بووم. هەر پیری نەبوو؛ بێ تاقەتی لە ژیان و ماندوویێتی زۆریش. نۆکی لە بێژنگ دەدا. بە دەوریدا دەهاتم و دەچووم. تۆز و خۆڵم دروست دەکرد، وتی: ئەوە گلاراوتە!! بڕۆ ئەولاوە دەی! ئێستایش شێوەی ڕوخساریم لە بیرە؛ کە ئەو ڕستەیەی وت. ئەو زۆری خۆش دەویستین، چۆن دەبوو وابڵێ؟! بەو منداڵییە دڵم شکا. مۆنم کرد. هەستی پێکرد. وتی وەرە، وەرە حیکایەتێکت بۆ بگێڕمەوە. بێژنگەکەی دانا و دەستەکانی شۆرد و دەستی گرتم و بردمییە سەربان. زنجیرە شاخێک لە پشت گوندەکەی ئێمەوە بوو. بەرز و سەرکەش. لە ئاست گوندەکەی ئێمەدا شتێک هەبوو وەک پەیکەر. هەر منداڵە و بە جۆرێک باسی دەکرد و حیکایەتی لەسەر دروست دەکرد. هەڵبەت ئەوانیش بۆیان باس کرابوو. دایەگەورە وتی: سەیری ئەو شاخە بکە! ئەزانی ئەوە چییە؟ سەرم هەڵبڕی و ڕوانیمە شاخەکە. وتم نا، بەڵام منداڵەکان هەر یەکە و باسی شتێک دەکەن. وتی باشە، ئێستا من بۆت باس دەکەم، تا ئاشتبینەوە. بەڵێن دەدەی؟ وتم بەڵێن دەدەم. دەستی پێکرد: سەردەمانی زوو، ماڵێک دەیانەوێ ژن بۆ کوڕەکەیان بهێنن. ماڵێک لەو سەری شاخەکە، بەڵام ماڵی بووک لەوسەرەکەی دیکەی شاخەکە بوو، بۆیە دەبوو ئەم ڕێگە دوورە بە سواری ئەسپ و گوێدرێژ ببڕن.

ماڵی بووک بەڕێدەکەون بۆ ماڵی زاوا و سەفەرێکی چەند هەفتەیی، لەوێش هەفتەیەک دەمێننەوە و ئاهەنگ و زەماوەندێکی گەرموگوڕ دەگێڕن. دوای تەواوبوونی هەموو خۆشییەکان، بووک و زاوا بە تەنیا لە گوندی ماڵی بووکەوە لەو سەری شاخەکەوە بەڕێدەکەون، دوای هەفتەیەک خۆشی و شادی و زەماوەند، بەڕێدەکەون تا بچن بۆ گوندی کاکی زاوا. ڕێگەیان درێژدەبێت و زۆر ماندوو دەبن، کە دەگەنە ئەم شوێنە، دادەنیشن پشووبدەن و شەویان بەسەر دێ و دەڵێن تازە ئەم شەویش لێرە دەبین و سبەی بەڕێدەکەوینەوە. بە خۆیان دەڵێن بەڵکو کاروانی خزم و کەسوکاریش پێمان بگەنەوە، چونکە بڕیاربووە دوای ڕۆژێک لە دەرچوونی ئەمان، ئەوانیش بەڕێ بکەون. شەودرەنگان تووشی دێوێکی زەبەلاح و ترسناک دەبن. دەمویست بپرسم نەنە دێو چییە؟! ڕێگەی نەدەدا و خۆی دەیزانی پرسیارم هەیە، دەیوت دێو دەعبایەکی ڕەش و تاریک و ترسناکە، هەموو شتێک لە مرۆڤ دەسەنێ. نەنە درێژەی پێدەدا؛ کتوپڕ لە نەڕەی دێوەک خەبەریان دەبێتەوە و نازانن چی بکەن. زۆر دەترسن و نازانن ڕووبکەنە کوێ و هیچیشیان پێ ناکرێ. ئاخر بەو شاخە بەرزەوە چییان بکردایە و هاواریان بۆ کێ بکردایە؟! دێوەکە هەست بە ترسەکەیان دەکات و دەڵێ قەینا ئەم شەو بنوون؛ با ئەم شەو بۆ ئێوە بێ، بەڵام سبەی دێم بووکێ لەگەڵ خۆم دەبەم بۆ ئەو ئەشکەوتە. ئەشکەوتێکیان پیشان دەدات لە بەرانبەر شاخەکە، بە ناوەندی شاخێکی دیکەوە، ئەشکەوتێکی زۆر دوور کە ڕەنگە هەر دێوێکی وەها بتوانێ بچێتە ناوی و بگاتە ئەوێ. من دەمێکە عەشقی ئەو کیژە جوانەم و لێ ناگەڕێم تۆ بیبەی بۆ خۆت. دێوەکە ون دەبێ و ئەوانیش تا بەیانی هەڵدەلەرزن و خەویان لێ ناکەوێ. بۆ سبەی زوو بەڕێ دەکەون تا بەر لە هاتنەوەی دێوەکە بگەنەوە گوندەکەی ماڵی زاوا. کتوپڕ دێوەکە دەردەکەوێ و دەڵێ ئیتر کاتیەتی، بەڵام بووکێ توند خۆی بە زاواوە دەنووسێنێ و زاوایش هیچی پێ ناکرێ. بووکێ ناچار ڕوودەکاتە ئاسمان و دەڵێ خوایە بمانکەرە بەرد، بەڵام نامەوێ لەگەڵ ئەو دێوە بڕۆم و ماشووقەکەم جێ بهێڵم. بمانکە بە هەرچییەک خۆت پێت خۆشە، تەنها نەکەوینە دەستی ئەو دێوە زەبەلاحە. دوعای بووکێ گیرادەبێ و دەبنە بەرد. دێوەکەیش لەگەڵ ئەوان بۆتە بەرد. ئەوەتا

ئێستا کەژاوەی ئەوان دیارە دێوەکە لەم سەر و کەژاوەکە لە ناوەڕاستدا و بووک و زاوایش لە دواوەی کەژاوەکە خۆیان مەڵاس داوە.

دڵنیام دایەگەورەم حیکایەتی زۆرتری لابوو، ڕەنگە زۆری تریشی بۆ من گێڕابێتەوە، بەڵام من هەر ئەوەم بیرماوە. ئەو کەم دەهاتە سەردانی ئێمە و زۆریش نەدەمایەوە. بەردەوامیش خەریکی کاردەبوو و بێتاقەتیش لەو لاوە بوەستێ. ئێستا کە تەمەنم هەڵکشاوە و زۆرم خوێندۆتەوە و ئەدەبیاتی کەم وڵات هەیە شتم لێ نەخوێندبێتەوە، زۆرێک لە نووسەرانی ئەمریکای لاتینم ناسیوە و زۆریان، بەتایبەت مارکیز؛ باسی ئەوە دەکەن یەکەم حیکایەتخوانیان داپیرەیان بووە، بیر لەوە دەکەمەوە؛ دەبێت ئەم وڵاتەی ئێمەیش چەند داپیرەی لەو جۆرەی مارکیزی تێدابووبێ و کەسێک نەبووبێ ئەو حیکایەتانەیان لێ وەربگرێتەوە و شێوازی گێڕانەوەیان لێوە فێر بێت!

* * *

دایکیشم بەسەرهاتی سەیری لابوو، هەرچەندە ئەمانەی دایکم حیکایەت و ئەفسانە نەبوون و ڕاستەقینە بوون. هەموو جارێ کە باسی سەربازی عەرەب و هاتنیانی دەکرد، دەیوت ئەمانە جاشی عەرەبن. جاشی عەرەب بەزەییان نییە و ئەگەر خەڵکی نەکوژن، ماڵ و حاڵی تاڵان دەکەن، دەیوت عەرەب خەڵکی ئاساییشیان هەر خراپن و بیرم دێ منداڵبوون دەهاتن بۆ گوندەکەی ئێمە و خوێیان دەهێنا. زۆر جار بە سواری وشتر و جاروباریش بە سواری ئەسپەوە دەهاتن. جارێکیان یەکێک لەم عەرەبانە کە هەموویان ڕەشتاڵەن و دەڵێی لە شەو هەڵکێشراون، بە سواری وشترێکەوە هات و بارەکەی تەواو بووبوو، بەڵام خەڵکی لە خۆی کۆکردەوە و وتی وەرن سیحرتان بۆ دەکەم، من سیحربازم. لە چاوترووکانێکدا خەڵکی ئاوایی لێی کۆبوونەوە و ئەویش دەستی پێ کرد. بە هەموو هێزی خۆی ڕای دەکرد و بە چواردەوری وشترەکەدا دەسووڕایەوە و ئێمەیش وامانزانی لە دواوە دەچێتە لەشی وشترەکەوە و لە دەمییەوە دێتەدەرێ. خۆی وای دەوت. دەیوت سەیرکەن چۆن خۆم دەکەم بە پاشەڵی ئەم وشترەدا و لە دەموقەپۆزییەوە دێمە دەرێ. ئەو کارەی هێندە بە کارامەیی و لێوەشاوەیی دەکرد، تا ساڵانێک ئێمە پێمانوابوو ئەو ڕەشتاڵەیە هەر بە ڕاستی چۆتە ناو سکی ئەو وشترەوە و لە قەپۆزییەوە هاتۆتە دەرێ. تاماوەیەکی زۆریش دەیوت؛ هەست دەکەم ئەو سەربازەی سەعاتەکەی دزیوە، ئەو ڕەشتاڵە سیحربازە بووە، یان کەسێکی نزیکی ئەو. هەرچەندە ئەو بە گشتی گومانی لە عەرەب هەبوو و لە ڕوانگەی ئەوەوە هەموویان پێپەتی و دزبوون، بەڵام دایکم و دایەگەورەیش سەریان بچوایە نوێژیان نەدەچوو و تاقە یەک وشەی عەرەبیشیان نەدەزانی. هەموو جارێ دەیوت حەیفە پێغەمبەر عەرەب بوو و ئەمانەیش عەرەبن!

دیار بوو سەربازەکان لە مێژوودا گەیشتبوونە ئەو شوێنەی کە دەڵێ سەعات داهێنراوی عەرەبە و دەبێت عەرەبیش زیاتر سوودی لێوەربگرێ. سەعاتەکەی دایکم زنجیربوو، ڕەنگ زیوی، ئەوسا پێیان دەوت قۆردۆن. ڕەنگە مارکەکەشی سیکۆ، یان کاسیۆ بووبێ، بەڵام لەوە دڵنیام ژاپۆنی ئەسڵ بوو. شێوەکەیەم هەر لەبەرچاوە، شێوەی سەربازەکان و شێوەی دایکیشم کاتێک هاواری کرد سەعاتەکەیان دزیوە. ئیتر دایکم تا ئێستایشی لەگەڵ بێ نە سەعاتی لە دەست کرد و نە فێری سەعاتیش بوو. هەمیشە لە ئێمە دەپرسێ سەعات چەندە! کەی بانگی ئێوارە دەدا! دایکم هەمیشە خودای لە بیرە؛ کەچی تاقە جارێک ئەو پێویستی بە خوا بوو، نەهات بە هانایەوە.

**ناوەڕاستی هاوینی ۲۰۱۷**